# ئەنفال خاڵێکی ڕەش لە مێژووی دەسەڵاتە ستەمگەرەکاندا

بیست و یەك ساڵ پێش ئێستا رژیمی سەرکوتگەر و مرۆڤ کوژی بەعسی عێراق، لە گەڵاڵەییەکی دژی ئینسانی کەوێنەی کەمتر لە مێژووی مرۆڤایەتی و مێژووی دەسەڵاتە ملهوڕ و ستەمگەرەکاندا بیندراوە، پەلامارێکی دڕندانەی بۆ سەر شار و دێی کوردستانی عێراق دەست پێ کرد. ئەو پەلامارەی لە ژێر ناوی (ئەنفال)دا و لە ژێر ناوی ئیسلامی پیرۆز بۆ سەر گیان و ماڵی خەڵکی کوردی موسوڵمانی کوردستانی عێراق کە باوەڕیان بە ئیسلام بوو پێ بەندی ڕێ و شوێنە دینیەکان بوون دەستی پێ کرد.

لەو هێرشە بەدناو و قێزەون و دژی ئینسانیەدا، زیاتر لە ۱۸۲۰۰۰ کوردی موسوڵمان و بێ تاوان لەلایەن هێزی بەکرێگیراوی پارێزەری دەسەڵاتی سەرکوتگەر و چەوسێنەری بەعسی عێراق لە سەر ماڵ و حاڵیان هەڵکەندران و بەرەو بیابانەکانی خواروی عێراق بەرێکران و هەر لە بیابانەکانی خواروی عێراق و نزیك شاری ناسریە، بە کۆمەڵ ژێر خاك کران.

ئەو جینایەتە کەم وێنەی رژیمی لە ناوچووی بەعس عێراق، بەڕادەیێك بێ بەزەییانە بوو کە جیاوازی لە نێوان پیر و منداڵ و ئافرەت نەکراو بە بێ جیاوازی هەموویان شەهید کران، هەر تەنیا بە تاوانی ئەوە کە کوردن.

لەو جینایەتەدا ماڵ و جێگەی ژیانی خەڵك وێران و خاپوور کران و رەحم بە مزگەوت و قەبرستان و شوێن و ناوەندە ئیسلامیەکانیش نەکرا. بە پێی سەرژمێریەکان، ۵۰۰۰ دێی کوردستان بە دەستی هێزی رژیمی ملهوڕ و ستەمگەری سەدام حسەین وێران کرا.

لە یادی ۱۸۲۰۰۰ شەهیدی ئەنفالکراو و ئەو کارەساتە بێ بەزەییانە درود دەنێرین بۆ رۆحی شەهیدانی ئەو جینایەتە کەم وێنەیە و هاوبەشی لە غەم و پەژارەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دەکەین.

بەو هیوایەی یادی ئەنفال و قەتڵ و عامی بێ بەزەییانە و دڕندانەی هاونیشتمانانی کورد لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانەوە ببێتە هاندەرێك بۆ تەبایی و هاوکاری و رووبەروو بوونەوەی رژیمە سەرەرۆ و دیکتاتۆرەکان.

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**۲۷ی خاکەلێوەی ۱۳۸۷**